بێریڤان جەلال یاریزانی تۆپی فوتساڵی یانەی ئەفرۆدێت:

# ئاواتەخوازم ببم بە راهێنەر و خزمەت بە وەرزشی کوردستان بکەم



**شاری سلێمانی ساڵانێکە جێگەی پێگەیاندنی چەندین یاریزانی بەتوانا بووە لە ئاستی کچان کە یانەکانی دەرەوەی شارەکە سوودیان لە تواناکانی رۆڵەکانی ئەم شارە وەرگرتووە. یەکێك لە یاریزانە بەتواناکانی ئەم شارە کچە یاریزانی تیپی فوتساڵی ئەفرۆدێت بێریڤان جەلال-ە، لەم وەرزە لە خولی فوتساڵی یانەکانی کوردستان رۆڵی کارای بینی لە بەدەستهێنانی پلەی دووەمی خولەکە و توانیویەتی لەگەڵ یانەکەی ئاستێکی بەرز پێشکەش بکات. بێریڤان لەدایکبووی ساڵی ١٩٩٥ی شاری سلێمانییە و قوتابی کۆلێژی پەروەردەی وەرزشییە لە زانکۆی هەڵەبجەی شەهید، پێشووتریش لەگەڵ یانەی ئەفرۆدیت چەندین ئەنجامی شایستەی بەدەستهێناوە، ئێمەش لە نزیکەوە چەند پرسیارێکمان ئاراستەی کرد، ئەویش بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی گۆڤاری گوڵان-ی دایەوە.**

**دیمانە: کارزان کانەبی**

*** ئاستی یاری فوتساڵ چۆن دەبینی؟**

- بە بەراورد لەگەڵ ساڵانی رابردوو لە ئێستادا ئاستی یاری فوتستاڵ پێشکەوتنی زیاتری بەخۆیەوە بینیوە، واتە ئاستی تیپەکان بەرەوپێش چووە و خۆلمان بۆ دەکرێتەوە، ئەمش دەبێتە هۆکار بۆ بەرزبوونەوەی ئاستمان.

*** ئەنجامدانی پاڵەوانێتی کەم تا چەند دەبێتە هۆکار بۆ ئەوەی ئاستی ئەم یارییە بەرەو پێش نەچێت؟**

-بێگومان نەبوونی پاڵەوانێتی هۆکارێکی سەرەکییە بۆ دابەزاندنی ئاستی تیپەکان، چونکە لە کوردستان هەتا دڵنیا نەبن لە کردنەوەی پاڵەوانێتی تیپەکان، راهێنانی باش ئەنجام نادەن، ئەمەش دەبێتە هۆکار بۆ ئەوەی ئەم یارییە بەرەو پێش نەچێت و ئاستەکەی لە شوێنی خۆی بمێنێتەوە.

*** پێت باشە چی بکرێت بۆ ئەوەی یاری فوتساڵ ئاستی بەرز بێتەوە؟**

- پێویستە قوتابخانەیەك بکرێتەوە بۆ پێگەیاندنی یاریزان لە تەمەنی منداڵییەوە لەلایەن کەسانی ئەکادیمییەوە، جگە لەمەش کردنەوەی پاڵەوانێتی زیاتر بۆ تیپەکان زۆر گرنگە و ئەمەش هۆکارە بۆ ئەوەی ئاستی یاریزانان و یارییەکە بەرز ببێتەوە.

*** گرفتی یارییەکانی فوتساڵ بۆ کچان لە چیدا دەبینی؟**

-نەبوونی یاریگای پێویست و کەمی گرنگیدان بە یاریزانانی کچ ئەوانە هەمووی گرفتە بۆ یاری فوتساڵ و بەتایبەتی بۆ کچان.

*** لەهیچ یانەیەك گرێبەستت پێشکەش کراوە؟**

-تاکو ئێستا هیچ گرێبەستێکم بۆ نەهاتووە.

*** بۆ داهاتووی خۆت بەنیازی چیت؟**

-ئاواتخەوازم لە داهاتوودا ببم بە راهێنەر، لەم رێگایەشەوە خزمەت بە وەرزشکارانی کوردستان و وەرزشی کوردستان بکەم.

*** تا چەند لەگەڵ ئەوەی یانەکانی پشت بە راهێنەر و یاریزانی بیانی ببەستن؟**

- بەهیچ شێوەیەك لەگەڵ ئەوە نیم، چونکە ئێمە هەم لە رووی راهێنەرەوە، هەم لە رووی یاریزانانیشەوە خاوەن توانایەکی زۆر باشین، بۆیە پشت ببەستین بە خۆمان باشترە وەکو لە یاریزانانی بیانی.

*** لە خێزانەکەت بەتەنیا تۆ وەرزشوانی، یان کەسانی تریش هەیە کە وەرزشوان بن؟**

-ئێمە خانەوادەیەکی وەرزشیین و حەزمان بە وەرزشە و برا گەورەکەشم یاریزانە.

*** داواکاری و پێشنیارت بۆ لایەنی بەرپرس چییە؟**

-بەهیوای ئەوەم بەرپرسان زیاتر گرنگی بە وەرزشی کچان بدەن و پاڵەوانێتیەکان لە کاتی خۆیدا بکەنەوە بۆ ئەوەی ئاستی وەرزشی کوردستان لە پێشڤەچووندا بێت و قۆناغی باش ببڕێت.

*** چۆن بوو پەیوەندیت بە یانەی ئەفرۆدیت کرد؟**

-دوای ئەوەی من لەم یارییە ئاستم باش بوو مامۆستایەکم توانا و ئاستی منی پێ باش بوو بۆیە منی گەیاندە یانەی ئەفرۆدێت، ئێستاش لەم یانەیە درێژە بە کاروانی وەرزشیم دەدەم.

*** وەکو یاریزان خەونی وەرزشیت چیە ؟**

-نەك هەر خەونی من، بەڵکو خەونی هەموو یاریزانێك ئەوەیە کە باشترین یاریزان بێت لەم یارییەی کە هەڵیبژاردوە و سەرکەوتن بەدەست بهێنێت.

***لە هەڵبژاردەی عێراق داواکراوی؟**

- بەلێ داواکراوم بە هیوای ئەوەم بتوانم ئەنجامی شایستە پێشکەش بکەم، ببمە جێگای متمانەی دەستەی راهێنەران، بڕیاریشە لەم مانگە لە وڵاتی مالیزیا بەشداری خولێك بکەین لەسەر ئاستی ئاسیا.

*** هیواو ئاواتت لەم یارییە؟**


-بەرەوپێشچوونی ئەم یارییە لە کوردستان و بەدەستهێنانی ئەنجامێکی باش لەسەر ئاستی وڵاتانی دەرەوە ئاواتی منە.

***بە کام یاریزانی جیهانی سەرسامیت؟**

-لە ئاستی کچان بە کچە یاریزانی ئەمریکی کریگیر و لە ئاستی کوڕانیش بە کریستیانۆ رۆناڵدۆ.

*** ئەگەر شتێکت ماوە لە کۆتایدا؟**

- لەم مینبەرەوە دەمەوێ سوپاسی هەموو ئەوکەسانە بکەم کە هاوکارییان کردووم، سوپاسی گۆڤاری گوڵانیش دەکەم بۆ بەسەرکردنەوەی وەرزشکارانی شارەکانی کوردستان بەبێ جیاوازی.



# لیڤەرپول چاوی لەسەر بلعەرەبیە



یانەی لیڤەرپولی ئینگلیزی ئارەزووی زۆری هەیە لەژێر دەستی ڕاهێنەری یۆرگن کلۆپی ئەڵمانی ریزەکانی پتەوتر بکات لەماوەی گواستنەوەی هاوینەی داهاتوو وەك ئامادەکاریەك بۆ وەرزی نوێ. لەمبارەیەوە ڕۆژنامەی توتو میرکاتۆی ئیتالی لەڕاپۆرتێکی دا کە لەتۆری سپۆرت میدیاسیتی ئیتالیدا بڵاوکراوەتەوە یانەی لیڤەرپول چاوی خستۆتە سەر یاریزانی ئەڵمانی کەریم بلعەرەبی یاریزانی هێڵی ناوەراستی یانەی بایەر لیڤەرکوزن. هەروەها ڕۆژنامەکە ئاماژەی بۆئەوەکردوە ئەو یاریزانە بەپێی بۆندێك تا ساڵی ٢٠٢٠ پەیوەستە بەیانەی لیڤەرکوزن، بەڵام لیڤەرپول ئارەزووی زۆری هەیە ئەو بباتە ریزەکانی خۆیەوە لەهاوینی داهاتوو وەك یەکێك لەیاریزانە بەتواناکان بۆ پتەوکرنی ریزەکانی. جێی ئاماژەیە کەریم بالعەربی تا ئێستا سەرکەوتوو بووە لەتۆمارکردنی هەشت گۆڵ لەگەڵ یانەی لیڤەرکروزن لە ٣٦ یاری کە لەم وەرزەدا بەشداربووە.

# هیگواین ستایشی ئاستی ڕاهێنەری ناپۆلی دەکات




گۆنزالۆ هیگواینی هێرشبەری ئەرژەنتینی و یانەی ناپۆلی ئیتالی سەرسامی خۆی لەبەرامبەر ڕاهێنەری ماوریسۆ ساری دەربڕی و بەپیاوێکی راستگۆ و پاك لەکارەکانی ناساندی. هەروەها هیگواین ئاماژەی بۆئەوە کرد ئەو پیاوە هەوڵ و کۆششی خستۆتە گەڕ بۆ ئەوەی سەرکەوتنی زیاتر لەگەڵ ناپۆلی بەدەست بێنێت. لای خۆیەوە پێگەی فتبۆڵی ئیتالی لەزاری هیگواینەوە بڵاویانکردۆتەوە من هەوڵ دەدەم لەسەرجەم یاریەکان یاری ئەنجام بدەم بەهەمان ئەو شێوازەی لەسەری ڕاهاتووم و سەرجەم هەوڵ و تواناکانم بخەمە گەڕ لەکاتی یارییەکان تا یارمەتیدەری تیپەکەم بم بۆ بەدەستهێنانی بردنەوە. دەربارەی ڕاهێنەری تیپەکەش هیوگواین روونیکردەوە ساری ڕاهێنەرێکی گەورەیە و رێگەدەدات بەتیپەکەی لێدان ئاڕاستەی گۆڵی رکابەر بکات زیادلەجارێك بۆ ئەوەی گۆڵ تۆمار بکەین. هەروەها هیگواین دووپاتیکردەوە ساری پیاوێکی ڕاستگۆ و پاکە لەکارەکەی و خۆشەویستی بۆ تۆپی پێ هەیە، بۆیە هیوادەخوازم بەردەوام بێت لەسەر ئەم شێوازەی، چونکە منیش بەهەمان شێوە تینوی بەدەستهێنانی سەرکەوتن و نازناوەکانم.

## یانەی مانچستەرسیتی:

# لەهەوڵی تازەکردنەوەی بۆندی سێرگیۆ ئەگوێرۆین




میدیا وەرزشیەکانی وڵاتی بەریتانیا باس لەوە دەکەن سێرجیۆ ئەگوێرۆ ئەستێرەی ئەرژەنتینی یانەی مان سیتی بە نیازە لە ریزەکانی یانەکەی جیا ببێتەوە، بەڵام ئەو یاریزانە رایگەیاندوە ئارەزوو دەکات لە ریزەکانی یانەکەیدا بەردەوام بێت لە یاریکردن. لای خۆیەوە رۆژنامەی سەنی بەریتانی ئەوەی ئاشکرا کردوە یانەی ریال مەدرید لەهەوڵ دایە ئەو هێرشبەرە ئاست بەرزە بگوازێتەوە ریزەکانی خۆیەوە. لەمبارەیەوە سێرگیۆ ئەگۆێرۆ لە کۆنگرەیەکی رۆژنامەوانیدا رایگەیاند گرێبەستی نێوان من و یانەکەم تا ساڵی دوو هەزار و نۆزدە بەردەوامی دە بێت و لە ئێستا دا یانەکەم داوای لێکردومە تا ساڵی دوو هەزار و بیست و دوو گرێبەستەکەم درێژبکەمەوە لەگەڵ وەرگرتنی بڕی شێست و پێنج ملیۆن یۆرۆ وەکو موچەی ساڵانە لەو ماوەیەداوەربگرم. هەروەها ناوبراو وتیشی من لە ریزەکانی یانەکەم دا هەست بە خۆشحاڵی دەکەم و هیچ هۆکارێك بۆ جیا بوونەوەم نابینم جیا لەوەش خولی پریمەرلیگ یەکێکە لە بەهێزترین خولەکان لە سەر ئاستی جیهاندا و بەهاتنی هەردوو ڕاهێنەر یۆرگن کلۆب و پیپ گواردیۆلا ئەو خولە بەهێزتریش دەبێت. لە بارەی ئاستی ئێستای یانەکەیانەوە ئەو ئەستێرەیە ئاماژەی بۆئەوەکرد ئێمە لە چەند یاریەك دا زۆر بە ئاسانی خاڵمان لە دەست دا هەر ئەوەش وایکرد یانەکانی لیستەر، توتنهام و ئەرسناڵ لە ریزبەندی خولی پریمەر لیگ بکەونە پێش ئێمە، بەڵام دەبێ لە یاریەکانی داهاتوومانـدا زۆر چاوکراوە بین بۆ ئەوەی بتوانین لە هەنگاوی یەکەم دا پشکی بەشداریکردن لە خولی چامپیۆنزلیگ دەستەبەر بکەین و پاشان بە توندی چاومان لە سەر بردنەوەی نازناوی خولی پریمەرلیگ بێت. بەدەستهێنانی جامی ئینگلتەراش لەم وەرزە و لەم ساتەدا مایەی خۆشحاڵی و بەردەوامبوونمانە لەسەر رکابەریەکان.

# ماموستایانی وەرزشی فێری پەڕەشووتەوانی بوون

لە وڵاتانی دەرەوەی کوردستان گرنگییەکی باش بە یاری پەڕەشووتەوانی دەدرێت، لە کوردستانیش ماوەیەکە ئەم یارییە بەرەوپێشچوونی باشی بەخۆیەوە بینیوە و بە ئامانجی ئاشناکردنی ماموستایانی وەرزشی بە وەرزشی فڕۆکەوانی و پەڕەشووتوانی زانستی بەڕێوەبەرایەتی گشتیی وەرزش و هونەر لە وەزارەتی پەروەردە بە هاوکاریی ڕێکخراوی پەڕەگلایدەر خولێکی بۆ ماموستایانی وەرزشی قۆناغی ئامادەیی لە سنووری هەردوو پەروەردەی ناوەند و دەوروبەری هەولێر و دەشتی هەولێر کردەوە، کە خولەکە بۆ ماوەی یەك ڕۆژ بەردەوام بوو، لە خولەکەشدا وانەکان لەلایەن ماموستایانی شارەزا لەم یارییە بە شێوازی تیۆری و پڕاکتیکی لە هۆڵی چالاکی وەرزشیی قوتابخانەکان و پارکی منارە بەڕێوەچوو، ماموستایانی شارەزا لە بواری فێربوونی پەرەشتوانی و پەڕە گلایدەر و پەڕە مانتۆریان بۆ ماموستایانی وەرزشی بەشداربوو لە خولەکە دەگوتەوە.

ماموستا بەکر کەریم بەڕێوەبەری گشتی وەرزش و هونەر ئاماژەی بەوەکرد کە کردنەوەی هەر خولێکی وەرزشی سوود و قازانجی خۆی دەبێت بۆ بەشداربووان، گوتیشی: «ئێمەش بەرنامەی بەرفراوانمان دەبێت لە داهاتوو سەرەڕای ئەوەی قەیرانی داراییە کە نەمانتوانیوە وەکو پێویست خول بکەینەوە بۆ ماموستایانی پەروەردە جیاوازەکان، بەڵام ئێمە بەردەوام دەبین لە دروستکردنی هەماهەنگی لەگەل ڕێکخراوەکانی وەرزشی و دەزگاکان بۆ ئەوەی بتوانین خول و پاڵەوانێتیش بۆ پەروەردەکان بکەینەوە بە ئامانجی کاراکردنی وانەی وەرزشی لە قوتابخانەکانیش بەرنامەی خۆمان هەیە بۆ ئەوەی وانەی وەرزشیش کارا بکرێتەوە».

جێگای ئاماژە پێکردنە ماوەیەکە هیچ خول و پاڵەوانێتییەك ئەنجام نەدراوە بۆ قوتابیانی وەرزشکار لە پەروەردە گشتییەکان بە هۆی ئەم قەیرانە داراییەی کە بەرۆکی هەرێمی کوردستانی گرتووە، کەرتی پەروەردەی وەرزشیش لەم بارودۆخە بێبەش نەبووە.

# یانەی سۆلاڤـ-یش گرفتی دارایی هەیە




هەرچەندە ئەم وەرزە یانەی سۆلاڤـ-ی شاری کەرکووك یەکەم ئەزموونی یاریکردنی بوو لە یارییەکانی خولی نایابی یانەکانی کوردستان، بەڵام نەیتوانی ببێتە یانەیەکی بەهێز و رکابەر لە یارییەکانی خولەکە، بۆیە لە سەرەتای وەرزەکە تاکو ئێستا نەیتوانیوە ئاستی شایستە پێشکەش بکات لە یارییەکانی خولی کوردستان و لە دوایین ریزبەندی یانەکانی خولەکە دێت لە کۆمەڵەی دووەم.

لەبارەی هۆکاری ئەنجامی خراپی تیپەکەش سەردار ئەحمەد سەرپەرشتیاری تیپی تۆپی پێی یانەی وەرزشیی سۆلاڤ بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «هۆکاری خراپی ئەنجامەکانمان لەم وەرزە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە لە یەك وەرز دوو راهێنەرمان گۆڕی لەگەڵ ژمارەیەك لە یاریزانان، ئەوەش کاریگەری هەبوو لەسەر ئاستی تیپەکەمان بەگشتی، لە بەر ئەوەی هەر راهێنەرێك بە شێوەیەك کاری دەکرد، بۆیە نەیانتوانی ئاستی تیپەکە باشتر بکەن، جگە لەوەش کەمیی ئەزموونی یاریزانانی یانەکەمان لە خولێکی گەورەی وەکو کوردستان کاریگەری لە سەرمان هەبوو، ئێمەش ئەگەر تەنیا هیوایەکی کزمان مابێت، ئەوەیە کە هەوڵ بۆ ئەوە بدەین خۆمان بهێڵینەوە لە یارییەکانی وەرزی نوێی خولەکە و ئەنجامی تیپەکەشمان بە دڵی ئێمە نەبووە». لە بارەی گرفتی داراییش سەردار گوتی: « ئێمەش وەکو سەرجەم یانەکانی تری هەرێمی کوردستان قەیرانی دارایی رووی تێمان کردووە، ئەوەش کاریگەری خۆی لەسەر ئێمە هەبووە کە نەمانتوانیوە وەکو پێوست لە رووی داراییەوە مووچەکانیان لە کاتی خۆیاندا دابین بکەین، جگە لە دڵسۆزانی یانەکە هیچ کەسێك هاوکاری یانەی سۆلاڤ نەبووە، جگە لەوەش قەرزاری هەندێك کەسایەتی شارەکەین.




# عومەر سەلیم: پلانی باشم بۆ یانەی هەولێر هەیە



هەرچەندە وەرزەكانی رابردوو عومەر سلیم سەرپەرشتیاری تۆپی پێی یانەی وەرزشی هەولێر رۆڵی كارای بینیبوو لە سەرپەرشتیكردنی یانەكە و لە زۆربەی كارەكانی یانەی هەولێر و لە یەكێتی تۆپی پێی عێراقی و ئاسیاش بە هۆی ئەو پەیوەندییە بەرفراوانەی لەگەڵ وەرزشكارانی دەرەوە هەیەتی كاری بەرچاوی كردبوو، لە ئێستادا عومەر سەلیم دەڵێت: «هەر كاتێك هەولێر پێوستی بەمن بێت، ئامادەم بگەڕێمەوە یانەكەم». هەر لەو بارەیەوە بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «من هەموو كات یانەی هەولێر بەماڵی خۆم و یانەی خۆم دەزانم و ئامادەم بۆ خزمەتكردنیان هەر كاتێك ئەوان پێویستیان بە من هەبێت، ئامادەم بگەڕێمەوە یانەی هەولێر و كۆمەڵێك بەرنامە و پلانی تۆكمەم هەیە بۆ یانەی هەولێر بۆ ئەوەی بتوانین كاری باشیان بۆ بكەین، هەموو كاتیش خۆم بە خەمخۆری یانەی هەولێر دەزانم». گوتیشی: «ئێستا من لە وڵاتی كەنەدا دەژیم و هیچ گرفتێكم نییە و لەگەڵ هیچ یانەیەكیش رێكنەكەوتووم». لە بارەی ئەنجامی یانەكەش لەم وەرزە كە هەولێر نەیتوانی بۆ قۆناغی داهاتوو سەركەوێت گوتی: «دەبوایە ئەمساڵ هەولێر یەكێك بووایە لە تیپە سەركەوتووەكان، بەڵام چەندین خاڵی ئاسانیان لەدەست دا، بۆیە نەیانتوانی ئامانجەكەی خۆیان بپێكن، بە هیوای ئەوەشم بۆ وەرزی داهاتوو بتوانن ئەنجامی شایستە بەدەست بهێنین».

جێگای ئاماژە پێكردنە عومەر سەلیم یەكێك لە وەرزشكارە دێرینەكانی شاری هەولێرە و لە رابردوودا خزمەتی زۆری بە وەرزشی كوردستان و شاری هەولێر كردووە.